# بنەماکانی
# فەلسەفەی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ

مورتەزا مەردیها
و: تەوار سنە

## پوختە

بەشـــێ لە بزاڤی داکۆکی لـــە مافی ژنان، لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی بیســـتەم بە دواوە، بە خواستێکی ڕادیکاڵانەوە دەستی کردە ڕخنەی بنەڕەتی لەو گۆتارە زاڵە وا بە سەرچاوە و هۆی سەرەکیی بندەستیی ژنانی ناوزەد دەکرد. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم هۆکارە هەمان بنچینەی پیاوســـالارانە بوو وا بناغەکەی دەگەیشـــتەوە ســـەر پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە نێو ماڵدا و لێرەش دەگەیشـــتەوە بـــە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە دونیای ئابووری و سیاسەتدا.

فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان لەم هەڵوێستەیاندا لە ژێر کارتێکەریی ئەو گوتارە باوە فەلسەفی-سیاســـییەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، واتا مارکســـیزمی نـــوێ و فرۆیدیزمی نوێ بوون. ئـــەم ڕێبازانە بە جەخت کردنە ســـەر ماکی فەرهەنگ بـــە جێی ئابووری، بـــێ لایەنی و ڕاســـتی نوێنیی زانست و بایەخی دابونەریتی باویان خستە ژێر پرسیارەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی فریوکاری(اغفال)یان لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بنچینەی ســـەرمایەداری ناوزەد دەکـــرد، بوونە سەرمەشـــق بـــۆ فێمێنیزمی ڕادیکاڵ.

ئـــەم وتارە بـــەدوای بووژاندنـــەوەی ئەم گریمانەیەیە کە: هەر بـــەو جۆرە وا ڕوانگەی بنەماشـــکێنانەی کەســـانێ وەک بنیامین و مارکـــۆزە بە تایبەت لە بواری سیاســـەتدا، بە هۆی چییەتیی وێرانگەریان کەمترین بەختیان هەبـــوو لە بەدیهاتنـــدا و بـــە زووترین کات جێی خۆیان دا بـــە چاکەخوازیی حەفتاکان، فێمێنیزمی ڕادیکاڵیش بـــە تایبەت بە هۆی هێنانە ئارای پەیوەندیی نێوان پێناسەی ئەمری سیاسی و دۆخی ژنان، ناتوانێ چارەنووسێکی جیاواز بۆ خۆی دەستەبەر بکات.



## سەروشەکان

فێمێنیـــزم، فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، سیاســـەت، ئایدۆلۆژی، دەسەڵات


## پێشەکی

فێمێنیـــزم زیاتر وەکوو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگـــی ناســـراوە. ڕاســـتییەکەش هەر ئەمـــە بـــووە، چونکە لـــە کۆتاییی ســـەدەی هەژدەیەمـــدا کـــە باس لە یەکســـانیی مافی دوو ڕەگەز ســـەری هەڵدا، تاکوو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێ گرووپی جۆربەجۆر بە نـــاوی بزووتنەوەی مافـــی ژنانەوە چالاک بوون. بیردۆزی و داواکارییەکانیان لە بازنەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی یان سیستەمێکی فکری ـ سیاســـیی جێگیر تێنەدەپـــەڕی. تەنانەت هەوڵەکان بۆ دەستەبەر کردنی مافی دەنگدان بۆ ماوەیـــەک، لـــە کاتـــی گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستدا، بوو بە گرینگترین کەڵکەڵە و داخوازیی بزووتنەوەی ژنان.

ئەمەش پتر لە داواکاریی یەکێک لە مافە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی دێموکراســـیی لیبراڵ تێنەدەپەڕی. بەڵام لە ناوەڕاستی ســـەدەی بیستەمدا بزاڤی داکۆکی لە مافی ژنـــان کۆمەڵێک داخوازیی ڕادیکاڵی لە خۆی پێشـــان دا کەوا هەلومەرجەکەی لە جووڵانەوەیەک کە لە ناو دامەزراوەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا هەبوو، کـــرد بە جووڵەیەکی دژبەری کە لەگەڵ بنەماکانیشـــی ناکۆک بوو. لێرەدا شوناســـی سیاســـیی بزاڤی فێمێنیزم بەهێزتـــر بوو چونکە بە پشـــت بەســـتن بە هەندێ بیرۆکە و ئایدۆلۆژیی سیاسی، نکۆڵی لە چوارچێوەی دێموکڕاسیی لیبراڵ دەکرد.

فێمێنیزمی ڕادیـــکاڵ، لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمی نوێ و فرۆیدیزمی نوێ و هەروەها پاش پێکهاتەخوازیدا بوو، ئەمەش گوتاری زاڵی ئەو ســـەردەمە بوو. بە هۆی کارتێکراویی ئەم بیرۆکە بنەماخوازانەیە بوو کەوا ئاشتەوایی لە گەڵ سیستەمی سەرمایەداری و دێموکراسیی لیبراڵـــی وەک جۆرێ لە فریـــودان لەقەڵەم دابوو. بۆیـــە تیۆری داڕێژەرانـــی بزاڤی ژنانی بـــەرەو لایەنێـــک هان دا کە بـــە لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتی سیســـتەمی سیاسیی بەردەست

و گرێدانی بە پیاوسالارییەوە، ڕێگە چارەی کێشەی ژنانی لە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتدا دەزانی. ئەمەش بە ناچار وای کرد جووڵانەوەکە سیاسیتر لە جاران بێ. گەرچی ڕێگەی بزاڤی فێمێنیزمی ڕادیکال پێچەوانە بوو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێ سیاسەتی دەسەڵات لە ناو سیستەمی بەردەستی، نە وەک هۆکرد، بەڵکوو وەک هۆکاری دەسەڵات لە ناو پەیوەندیی خێزانی و دوو ڕەگەزەکە لە قەڵەم دەدا. بەڵام خاڵی بەڵگەنەویست ئەوە بوو، سیاسەتی دەسەڵات چ لە ناو بنەماڵە بێت یان لە ناو کارگە و لە گۆڕەپانی جەنگ، ڕەگ و ڕیشەیەکی هاوبەشی بووە و ئەمەش لە بنەماڵە و خێزانەوە دەستی پێ دەکرد و پەرەی دەسەند. دواتر فێمێنیزم ناچار کرا زیاتر خۆی لەگەڵ سیاسەت بگونجێنێت.

## کاریگەری وەرگرتن لە فەلسەفەی شۆڕشگێڕانەی دەیەی شەست

سەر لە نوێ خوێندنەوەی مارکسیزم و پێشکەش کردنی شرۆڤەیەکی کەمتر جەبری – ئابووری و زیاتر کولتووری – مرۆیی لە مارکسیزم، کەوا ڕۆڵی ویست و تێگەیشتنی ئاڵۆزی زەقتر کردەوە، بە دۆزینەوەی کتێبی «دەسنووسە ئابووری و فەلسەفی»یەکانی مارکس لە ساڵی ١٩٣٢دا دەستی پێ کرد و بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی فێرگەی ڕەخنەیی لە ئێکۆنۆمیزم و پرۆلتاریانیزمی مارکسیزم و ڕەتدانەوەی جەبرخوازی، درێژەی پێ درا.

چەپی نوێ بە گومان کردن لە ئایدیای سەرەکیی مارکسیزم واتە ئاوڕدانەوە لە کرێکارانی پیشەسازی، وەکوو پاڵنەری سەرەکیی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە هاتە ئاراوە. سەرهەڵدانی جۆرەکانی شۆڕشی نەتەوەیی و گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانەکان کەوا لە لایەن گرووپە جیا لە پرۆلتاریاکانەوە هاتبوونە ئاراوە، قەناعەتی بە فرە کەس هێنا گرووپەکانی وەکوو خوێندکار، ژنان، ڕەشەکان و هتد، دەتوانن ببنە هۆکاری چالاکییەکانی شۆڕش و گۆڕانکاریگەلی گرینگ ساز بکەن. لووتکەی ئەم بیرۆکەیە لە شۆڕشەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ لە پاریس دەبینرێ. بەڵام هۆکاری ڕوون نەبوونی چەپی نوێ تا ڕادەیەک دەگەڕایەوە بۆ نارۆونیی ئارمانج و داخوازییەکانیان. بەشێک لەم داخوازییانە دەگەڕایەوە بۆ ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەیوەندیی جنسی، ڕاکردن لە کۆتوبەندی بنەماڵە و هتد. بەڵام کەیسە سیاسی و گەورەترەکەی بە وردی ڕوون نەبوو چییە؟ گرینگترین تایبەتمەندیی ئەم بزووتنەوەیە، هەندێ لایەنی دژەباو بوو و فێمێنیزمی ڕادیکاڵیش لەم ڕێگەیەوە خۆی خستە پاڵ ئەوان. لەبەر ئەوەی دۆخێکی خوڵقاندبوو کە پشتیوانیی لە دژایەتیکردنی نۆرمگەلێکی وەک بەرپرسیارێتیی بە هاوسەر و منداڵ، دژایەتیکردنی سیستەمی سەپاندنی دەسەڵات لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا دەکرد کە ئەمەش لە لایەن فێمێنیزمە ڕادیکاڵەکانەوە پاڵپشتیی لێ دەکرا.

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، لە ئایدیای شێلگیر و گرینگتری مارکسیزمی revisionism پێداچوونەوەخواز کاریگەریی وەرگرتبوو. تیۆدۆر ئادۆرنۆ، هاوشێوەی ئەندامەکانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە گومانەوە سەیری زانستی دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە زانستی پۆزێتیڤ کە بانگەشەی ڕاستبێژییەکی بێ لایانەی دەکرد، ڕوانگەیەکە لەتەک ڕەهەندەکانی تری سیستەمی کولتوریی زاڵ، خۆ دەگونجێنێت. تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان هۆشیار و خاوەن بیرکردنەوەش بن، هەر کۆیلەی ئەو سیستەمەن. ئەوان شێوە سنووردارکراوەکانی بیرکردنەوە و کردەیان هەیە کە لە لایەن دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەستی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە بە سەریاندا داسەپاوە.

خەریکە دونیا بۆ بەندیخانەیەکی ئاوەڵا دەگۆڕدرێت و خەڵکیش لە باتی ئەوەی کە

دژی بوەستنەوە گوێڕایەڵی دەبن. کتێبە بە ناوبانگەکەی ئادۆرنۆ بەناوی «دیالێکتیکی نەرێنی»، لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە کەوا خۆیان لە هەر چەشنە سەلماندنێک بپارێزن و بە تەواوەتی هەڵگری کۆمەڵێک گوزارەی نەرێنی بن، کەواتە پاڵنەری لایەنگریکردنی ئادۆرنۆ لە هونەری دژەباو، تامەزرۆییی ئەوە بۆ بینینی دژایەتیی بەرهەمە ئاوانگاردەکان لە کارتێکراویی یەکسانسازیی بازرگانی و بە شت بوونی(شیءوارگی) هونەرە کەوا سووژەی هونەری بۆ ئۆبژەی تاکەکەسی دادەبەزێنێت. بە بۆچوونی ئەو، ستراتیژیی پێشەنگ، بنەڕەتی خۆڕاگرییە دژ بە تواندنەوە لە ناو ستەمی بازاڕدا.

لە ساڵەکانی دەیەی شەستدا، بەرهەمەکانی هێربێرت مارکۆزە لەناو خوێندکارەکاندا ڕێزی تایبەتی لێ گیرا، بەتایبەتی باسی «دژایەتی لەگەڵ سەرکوت» لایەنگرییەکی فرەی بوو. تیۆرییەکانی ئەو هیچ کات چاوپۆشیی لە بیرکردنەوەی تاک نەدەکرد، بەڵکوو هەوڵی دەدا لە کۆمەڵگەی بە شت کراو(شیئی انگار)دا، کەشێک بخوڵقێنێت، تاکەکەس بتوانێ لەو کەشوهەوایەدا بەسەر نامۆبوونی خۆیدا زاڵ بێت. مارکۆزە ئەم ستراتێژییەی بە «بەرپەرچدانەوەی مەزن» ناودێر دەکرد، ئەم بۆچوونە، بێهیواکان و ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکانی چەپی نوێی لە پاڵ یەکتری دادەنا.

بە دەربڕینی ئەو، «بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لە هەمبەر ئەو مرۆڤانەی کەوا بێهیوایانە، تەواوی ژیانیان بۆ شۆڕش و بەرپەرچدانەوە و نکۆڵی تەرخان کردووە و تەرخانی دەکەن، وەفادارە». دژایەتی لەگەڵ سەرکوت بۆ فێمێنیزم واتایەکی ستراتێژیکی هەبوو. لەلای گەنجە نەیارەکانی سەرکوتەوە، دەرباز بوون لە کۆتوبەندی دواکەوتوویی ناوەوە و سەرکوتی دەرەوە، پێش هەموو ئارمانجەکان دەکەوت. بەشێک لە فێمێنیستەکان کەوا شۆڕشیان وەکوو بابەتێکی پیاوانە لە قەڵەم دابوو و لە بزووتنەوەی دەیەی شەست جیا بوونەوە، ئەم بۆچوونانەیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی دامەزراوە نەریتییەکان دەکاردەکرد کەوا پێناسەیەکی تایبەتیان لە سەر خۆشەویستی هەبوو و لایان وابوو ئەوانە دەبنە هۆی دواکەوتوویی ژنان، بۆیە بایەخی زیاتریان بە بۆچوونەکانی مارکۆزە دا. لایەنگریی بنیامین لە سووررێئالیزم بە هۆی تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و ڕۆمانتیک و سەربەستخوازانەکەی بوو. ئەو دەنووسێ: «ئارمانجی سووررێئالیزم لە تەواوی کتێبەکان و هەنگاوەکانی، دەستەبەرکردنی هێز و گوڕوتینی پێویست بۆ شۆڕشە».

ئەم دوو بیرمەندە جگە لەوەی کە لایەنگری پووچەڵکردنەوەی ڕەهای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین، خوازیاری شۆڕشێکی ڕادیکاڵیشن و پێداویستییەکانی گرووپە چەوساوەکان لە ڕێگەی بە کارهێنانی توند و تێژی دژ بە ستەمکاران بە فەرمی دەناسن.

بنیامین و مارکوزە و سارتر لە لایەکەوە بە جەخت کردنەسەر ڕووخاندنی سەرمایەداری و فێڵەکانی، لەلایەکی تر بە جەخت کردنەسەر ویستی گۆڕانخوازیی مرۆڤەوە، جۆرێک لە ئانارشیستی تونديان پەرەپێدا. ئەمەش لە باتی هەڵگیرسانی شۆڕش بۆ ئەوەی ڕێکخستنێکی نوێ جێگیر بکەن، نەفسی تێکدانی ڕێکخستنی بەردەستیان بە گرینگ دەزانی. بەم جۆرە بوو وا دەیەی شەست بوو بە دەیەی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕانە کەوا پتر لەوەی باس لە قازانجەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی جێگرەوە بکات، پێویستیی ئازادیخوازی و بەربەرەکانێی توندوتیژانە دژ بەدەسەڵاتی درۆیان بە باش دەزانی. مەبەست لە دەسەڵاتدارێتیی درۆ، دەسەڵاتداریی سیستەمێکە کە بە ڕواڵەت وا نیشان دەدا هەموو شت سروشتی و خاس و ڕێسامەندە، بەڵام جۆرە فریوێک بووە بە پاڵنەری ئەم

باوەڕە. ئەم ئایدیایە بوو بە باشترین مۆدێل بۆ فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بۆ ئەوەی بنەمای هەمووی ئەم درۆ و ساختەکارییانەی پەیوەندییەکان، بە ڕواڵەت سروشتی و دادپەروەرانە بەڵام لە ناخدا تێکەڵ بە دەسەڵاتی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو یا هەمان نێرسالاری لە قەڵەم بدات.

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بە پشت بەستن بە مارکسیستە نوێیە پێکهاتەخوازەکان بڕوای وا بوو کە بنەڕەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە بواری ئابووری و کولتوور و ڕەهەندەکانی‌تریدا، بە شێوەیەکە پێویست بەوە ناکا جیاکردنەوەی ئاگامەندانە و پشت ئەستوور بە بندەستیی ژنان بخاتە ئاراوە. بۆیە هەندێک لە ژنە تیئۆری داڕێژەرەکان هەوڵیان دا شرۆڤەی دادپەروەری وەکوو یەکسانی بسڕنەوە. ئەلیزابت گراس، لای وابوو بە هۆی ئەوەی کە ژنان پێویستە بۆ پێناسە کردنەوەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان سەربەست بن، باشتر وایە ئارمانجیان وەک سیاسەتی «سەربەخۆیی لە پیاوان» فام بکەن نەک سیاسەتی «بەرابەری لەتەک پیاودا». لوویی ئاڵتوسێر و ئانتۆنیۆ گرامشی، تیۆری داڕێژەرانی تری نەریتی مارکسیستی، بۆ دابین کردنی هزری فەلسەفی – سیاسیی زاڵ لە دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کاریگەرییان بووە. ئەم دوو بیرمەندە، جەختیان کردە سەر کاریگەریی ئایدۆلۆژی لەسەر بەرهەمهێنانەوەی هێژموونی یان ئۆتورتیەی بە فەرمی ناسراو. ئاڵتوسێر هەوڵی دا لێکی بداتەوە کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی چۆناوچۆن بەرهەم دێتەوە. بە ڕای ئەو، ئایدۆلۆژی میکانیزمێکە بورژوازی پشتی پێ دەبەستێ بۆ ئەوەی زاڵ بوونی چینایەتیی خۆی بەرهەم بێنێتەوە. مرۆڤ نەوە بە نەوە لە ڕێگای ئایدۆلۆژییەوە درێژەی داوە بە یەکخستنەوەی خۆی لە تەک دۆخی بەردەستدا. لە ڕوانگەی ئەوەوە «ئایدۆلۆژیی تاکەکان وەکوو سووژەکانی سیستەم، یان دەیانسڕێتەوە، یان پێیاندا هەڵدەلێ، یان ئەوەی کە شوناسی پێویستیان پێ دەبەخشێ بۆ درێژەدان بە کارکردی ئێستاکە».

روونە مەبەست لە ئایدۆلۆژی لێرەدا سیستەمی کولتوری و بروکراسیی ئێستاکە لە سەرمایەداری ڕۆژئاوایە، لێ فێمێنیستەکان ڕاست کردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژییەیان داوەتە پاڵ سیستەمی نێرسالارییەوە. بە بۆچوونی گرامشی، دەوڵەتی سەرمایەداری لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی دەسەڵات (کەوا هەمان تێکدانی یەکگرتووییە) لە تەک ڕەزامەندیی جەماوەریدا (کە لە ڕێگای ئایدۆلوژییەوە بە هاوکاریی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و میتۆدەکانی یەک خستنەوە دەستەبەر دەبێ)، هەوڵ دەدا چینی کرێکار بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەم جۆرە هێژموونییەدا کارگە لە کۆمەڵگە جیا نابێتەوە. هێز لە کارگە لە تەک سیستەمی چەقبەستوو لە ئایدۆلۆژی و ڕەوشت، ئاوێتە دەبن و مۆدێلێ لە ژیان پێکدێنن. کەواتە ئاوایە وا (نوخبەگەلی زاڵ، بە پێی ئەو شتە وا بە دڵی خۆیانە، فۆرم بە جهانبینیی حەز و ئارەزووی زۆرینە دەبەخشن. لەم دۆخەدا چینە باڵادەستەکان زیاتر لە سەرۆک و ڕێبەر دەچن تاکوو سەرکوتکار، چونکە قەناعەتیان بە زۆرینە هێناوە کە پاشکۆیان بن. بە بۆچوونی گرامشی زاڵ بوون، لە تایبەتمەندییەکانی کومەڵگەی پاش فیئۆدالی، بە تایبەت بورژواکان و هەروەها هێمای سەرکەوتنی کۆمەڵگەی لەم جۆرەی دوایی بوو).

## فێمێنیزمی ڕادیکاڵ و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بە کەڵکوەرگرتن لەم چەشنە بیرۆکانە، سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتیی وەکوو ئارمانجی بزووتنەوەی ژنان هێنایە ئاراوە. «ژنان لە خودی خۆیاندا بندەست نەبوونە، بەڵکوو ئەم بندەستییە بەرهەمی پرۆسەی کارای بنچینەی دەسەڵات بووە». بە

پێی ئەم بنەمایە چ ڕێگایەک جگە لە تێکەڵ کردنی جۆرە شۆرشـــێکی سیاســـی لە تەک شۆرشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری نامێنێتەوە. لەبەرئـــەوەی تیۆریدارێژەرانی چەپی نوێ لە سەرهەڵدانی سیاســـی (بۆ نموونە لە١٩٦٨ ) بێهیوا بوون، فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، پشتی بە سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی بەستووە.

لە دەســـتپێکی بیـــری فێمێنیســـتیدا، بۆچوونی زۆرینەی فێمێنیســـتەکان، بە پێی بندەســـتی و دەستەمۆیی ژنانە، لە بەستێنی پەیوەندیگەکی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسیدا لە دایک بووە و گەشەی کردووە. ئەمە هەمان جیـــا کردنەوە بەناوبانگەکـــەی دوو دەربڕینی لێک نزیکی نێوان، «ڕەگەز» و «ڕەگەزێتی»یە؛ بـــە پێی ئەم بنەمایە زۆربەی باس کردنەکانی ژنانـــە و پیاوانـــە، شـــرۆڤەی ڕەگەزێتییە لە ڕاستییەتی ڕەگەزی کە بووەتە پێناسەکردنی دەوری جۆراوجـــۆر بۆ ژنان و پیاوان و دانانی سنوور و بێ بەشی.

بـــە کەڵکوەرگرتن لە دژە پوزیتیڤیســـم بوونـــی ڕێبـــازی ڕخنەیی، «بێتـــی فریدان» وتی: کێشـــە ئەوەیە کە زانســـتی بەردەست، زانستی پوزیتیڤیستی، پیاوانەیە و گشت ئەم چەمکانە پیاوان دایانهێناون، واتە لە مێشـــک و ئاگامەندی و هەســـتی ئەواندا کە بە ناچار پیاوانەیە و تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە زەینی و ســـۆزدارییەکانی ژنان و بەرژەوەندیی ئەوان لە چاوی خۆیاندا وا لەوێ بێبەشـــە، ســـەری هەڵـــداوە. ئەو هەنـــدێ خاڵی دەستنیشـــان کـــرد کـــەوا پارمەتیدەری پێشـــکەوتنی ئەم تیۆرییە ڕادیکاڵەیە کە دەڵێ ئەو زانستە وا لە کۆمەڵگەی نێرسالاردا گشتگیرە و ڕەواییی پێ دراوە، زانســـتی پیاوانە. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کێشـــەی ژنان نەک هەر ون و نامۆیە، بەڵکوو چ بەشـــێ لە زانســـتی برواپێکراوی سەردەم، پەیوەندیی بـــە ئەزموونی ژنانـــەوە نییە. بەم جۆرەیە وا کێشـــەی بێ ناونیشانی و نادیاریی ژیان و ئەزموون و فام و تێگەیشـــتنی ژنانە، بووەتـــە یەکێک لە کۆڵەکە ســـەرەکییەکانی بیری فێمێنیزمی ڕادیکاڵ.

سەرەڕای گشت ئەو کەڵکە وا فێمێنیزمی ڕادیـــکاڵ لـــە بیر کردنـــەوەی فەلســـەفی-سیاســـیی ڕادیکاڵ وەریگرت، ڕێگای خۆی بە شێوازی بنەڕەتی لێ جیا کردەوە. بەم شێوەیە بانگەشـــەی ئەوەی کرد شۆرش دژ بەم باوک سەروەرییە بنەمای تەواوی خەباتەکانە.

«ڕەکسان دانبار» ڕاشکاوانە جەختی لەوە کردەوە کە» دەبێ فێمێنیزم لە لایەن ژنانەوە وەکوو بنەمایەک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانە بێتە ئاراوە».

خاڵی جێی ســـەرنج لێـــرەدا ئەوەیە کە فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، شۆڕشـــی فێمێنیستیی نەک وەکوو کەرەســـتە بـــۆ گۆڕانکاریی جێی ســـەرنجی ژنانـــە، بەڵکوو وەکـــوو بنەمایەک بـــۆ گشـــت گۆڕانکارییـــە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتە ئاراوە. واتە بانگەشـــەی ئەوە دەکا ئەو گۆڕانکارییانەی مارکۆزە و بنیامین و ســـارتر و ئادۆرنۆ مەبەســـتیان بوو، دەبێ لە بەشـــی پەیوەندییەکانی نێوان ژن/پیاودا دەســـت پێ بکات و دواتر بۆ بەشەکانی تر وەکوو کرێکار/ســـەرمایەدار یان ڕەش/سپی و هاوشێوەکانی بگوازرێتـــەوە. داگیرکاریـــی پیاوانە و گۆڕینی ژنـــان بۆ کۆیلە، بنەمای ســـەرەکی و مۆدێلی تەواوی ســـتەمە کۆمەڵایەتییەکانە بۆیە باشتر وایە گۆڕانکارییەکان لە بنچینەوە بن.

ناونیشانی وتارە بەناوبانگەکەی دانبار لەم بارەیەوە ڕوونە: «ســـەربەخۆیی بزووتنەوەی مێیینە وەکوو بنەمای شۆڕشی کۆمەڵایەتی».

ئەو لـــەم نووســـراوەیەدا جەختـــی لەوە کـــرد «هەمـــووی خەڵـــک لە ژێر گوشـــاری سیســـتەمی چینایەتیی نێونەتەوەییدا دەژین کە لە ســـەرووی هەموویان چینی سیاســـیی نێرینەی سپی پێســـتی ڕۆژئاوایی جێگربووە و لە خوارترین لایەنەکانی ئەو سیســـتەمەدا، مێینەی غەیرە سپی پێستی غەیرە ڕۆژئاوایی».

بە بۆچوونـــی «باربارابووریـــس»، تەنیا بە

گەڕاندنەوەی کولتـــووری فەوتاو و گاڵتە پێ کــراوی ژنــان و بنەمــای مێیینەییە کەوا کۆمەڵگەی مرۆیی ڕاستەقینە بەرهەم دێت. جۆرێک لە ئەنتەرناســیۆنالیزمی ژنانە بووەتە بنەمای شۆڕشی جیهانی.

بووریس دەڵێ: «ئێمە پشــتگیریی گشت ئـەو ژنانە دەکەین کە لە هەر نەتەوە و چین و وڵاتێک لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بن».

## فمینزمی ڕادیکاڵ و پێناســەکرنەوەی سیاسەت

بە پێــی ئەم بنەمایــە بوو کــەوا ئایدیا یان بیرۆکــەی تا ڕادەیەک نارِوون و پرشــرۆڤە و پڕ ململانێ و بەناوبانگی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، پێکهاتبوو لەوەی کە «بابەتی تاکەکەس، بابەتی سیاســییە». گەر بنچینەی گشت ستەمەکان بــە تایبــەت ســتەمی سیاســی بگەڕێتەوە بــۆ پەیوەندیــی نێــوان ژن و پیــاو، کەواتە هەمووشــت تەنانەت سیاسەت و داگیرکاریی سیاسی، هۆکردی پەیوەندیگەلی تاکەکەسی، بە تایبەت پەیوەندیی نێــوان ژن و پیاوە. لە ژێر کاریگەریــی بیرۆکەگەلی پێکهاتەخواز و پــاش پێکهاتەخوازی بوو کــەوا، فرەیەک لە تیۆریدارێژەرانــی فێمێنیزمــی ڕادیکاڵ، بەو باوەڕە گەیشــتن پێناســەی باو لە سیاسەت، بۆ خۆیشی بابەتێکی سیاسییە واتە بەرهەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە.

بەو واتایەی ئێســتا باوە، سیاسەت تەنیا بازرگانیــی حکومەت لە ڕێــگای حزبەکان، هەڵبژاردن و ڕێکاری حکومەتی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکانــی هێز لە نــاو ژیانی خەڵکی لــە دوو توێــی بنەماڵە، قەومیــەت، ڕەگەز، ڕەگەزێتــی، چیــن و هاوشێوەکانیشــیەتی. لایەنگرانی ئەم پێناسەیە جەخت دەکەنە سەر بەشــداری کردنی ژنان لە سیاسەتی گشتیدا بۆئــەوەی لێکــی بدەنەوە ژنــان چۆناوچۆن کاریگەری لە سەر دابەشکردنی سەرچاوەگەلی دەسەڵات دادەنێن و هەروەها چۆنیش دەچنە ژێر کاریگەرییەوە.

بەشداریی سیاســی، هەوڵێک بۆ گۆڕینی تاکەکان و کــردە و ئارمانجەکانی حکوومەت نییە بەڵکوو کارتێکراوی کارلێک(همکنشــی، تعامل)ی سیاســی لــە کۆمەڵگە، لــە لێژنە و لــە بنەماڵەش دەگرێتەوە. بێت و لە ســەر داگیرکاریــی ئاشــکرای پیاوانە لــە کەرتی تایبەتــی و نیمچــە تایبەتیــدا نەکۆڵرێتەوە، ئەوا داگیرکاریی شــاراوەی باوکســالاری لە بنچینەی دەوڵەت، ئاسایشــی تەواوی دەبێ. بۆیە بۆ دوورەپەرێزی لــە بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری، باشتر وایە بەشداریی سیاسی وەها پێناسە بکرێتەوە لە باتی وەسفە نەریتییەکانی وەکوو: لایەنگری، بەرژەوەندی تەوەری، نێرینە سالاری، وەســفە نوێیەکانی وەکوو ڕخنەیی، بەهاتەوەری، ئەوپەڕ ڕەگەزێتیشی تێدا ڕەچاو کرابێ.

بە بۆچوونــی فێمێنیســتە ڕادیکاڵەکان، هەروا کە باوکســالاری سیستەمێکی گشتی و پەرگیرە، بەرەنگاربوونەوەش دەبێ گشتگیر بێ و ســەرتر بێ لە تێکدانی پەیوەندییەکانی داگیــرکاری لــە گشــت ڕیکخــراوەکان، لەناوچوون یــان گۆڕینی شــێواز و ناواخنی هەمــوو دامودەزگاکانیــش بگرێتــەوە کەوا ئەم سیســتەمەیان بەرهــەم هێناوەتەوە و بە لەناوبردنــی ئەم سیســتەمەیە وا مرۆڤایەتیی ڕاســتەقینە ســەرهەڵدەدات و یۆتوپیــای فێمێنیستیش پێکدێت.

لــە ڕوانگەی هەنــدێ لــە توێژەرانەوە، ڕزگار بوون لە دۆخی باوکســەروەری کاتێک جێبەجێ دەبێ کە ململانەگەلێ کە لە ناخی ژیانی تایبەتی ژناندا تێدەپەڕێ، وەک بابەتی سیاســی ڕەچاو بکرێت، چونکــە ئەمە هەل بۆ ژنان دەرەخســێنێ ســەرهەڵدان، شۆڕش و چاکســازی و هــەر چەشــنە ئاڵوگۆڕێ لە سیاسەتدا بە ڕەوا بزانن؛ هەروەها لە بەشەکانی پەیوەندییــە تایبەتی و بنەماڵەییەکانیشــدا کەوا ژنان بوونەتە قوربانیی نەزم و تەکووزیی

داسەپێنراو، ڕێگەپێدراو بێت. دوئالیزمی ناوبراو، ڕێگەخۆشکەری مانەوەی پەیوەندییە نادادپەروەرانە ڕەگەزێتییەکان بووە لە پانتای بنەماڵەدا. ڕەت دانەوە ئەم دوئالیزمە، داوەری و بە یاسایی کردنی دوو ڕەگەز لە نێو ماڵدایە وا وەکوو بابەتێکی تاکەکەسی لە پانتای چاودێری، داوەری، ململانێ و دادخوازی لە دەرەوە بووە.

جەختی نەریتیی کۆمەڵناسی لە سەر ئەوەی کە سەرچاوە سەرەکییەکانی ستەم لە لایەن دەوڵەت و ئابووری و دامەزراوە جەماوەرییەکانی ترەوە دەستنیشان دەکات، کێشەی دەسەڵات و داگیرکاری لە ناو دامەزراوە «تایبەتییەکانی» وەکوو بنەماڵە، هەروەها پەیوەندییە تاکەکەسییەکان لە هەردوو بەشی گشتی و تایبەتی پشتگوێ دەخات. تێکڕا کاروبارە تاکەکەسییەکان سیاسین، واتا بنەماڵە، پەیوەندییە تاکەکەسییەکان و ژیانی سۆزدارانەی وەکوو خاوەندارێتیی سیاسەت، بە پێی بنەمای پەیوەندیی سیستماتیکی هێز و نایەکسانی پێکدێت. سیاسەت لە بەشی گشتیدا سنووردار ناکرێتەوە بەڵکوو لە وردترین بەشەکانی ژیانی مرۆیش بە هۆی بوونی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە ئامادەیە. لەم شرۆڤەیەدا بابەتی تاکەکەسی، خاوەنی دژە بەهای بابەتی سیاسییە. لە ڕێگەی ئەم دروشمەوە، پێداگری لەم خاڵە دەکرێ کە ئاریشەی ئەو ژنانە وا ناتوانن خۆیان دەگەڵ چاوەڕوانییە ڕەگەزێتییەکان لە ژنان بگونجێنن و نایانەوێ پلەدووهەمی وەکوو تایبەتمەندییەک بۆ خۆیان پەسەند بکەن، بابەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو ئەمە بەشێکە لە پەیوەندیی ململانێ لە گەڵ پیاوان یا لەگەڵ سیستەمی پیاوسەنتەردا. کەواتە نارەزایەتیی ژنان دەتوانێ نارەزایەتییەکی سیاسییش بێ. ڕزگار بوون لەم دۆخەدا، خۆڕاگرییە لە هەمبەر ناوەکی کردنەوەی بەها ڕەگەزێتییەکان، واتا ئەو ڕۆڵ یان دەورانە وا بە شێوەی باو لە ژنان چاوەڕوان دەکرێ؛ ئەوەش بە زیاد کردنی ئاگامەندی دەستەبەر دەبێ. لە ڕێگای ئەم هوشیار بوونەوەیەوە، ژنان تێدەگەن کێشەکانیان سەرچاوە گرتوو لە «سیستەمێکی سیاسیی پشتئەستوور بە ڕەگەزێتی» یە. لەم شرۆڤەیەدا بابەتی تاکەکەسی و بابەتی سیاسی، هیچیان بەهاکانیان زیاتر لەوی تر نیە. نەک تەنیا بابەتێکی تاکەکەسی سەربەخۆ نییە، سروشتی و ئاساییش نییە، بەڵکوو پشت بە بابەتی سیاسی دەبەستێت، کەوا باشترکردنی لە ڕێگای گۆڕانکارییەوە مسۆگەر دەبێ.

خاڵی جێی سەرنج لەم بوارەدا ئەوەیە کە مۆدێلەکانی هەڵسوکەوت لە بنەماڵەدا بەو ڕادەیە لە مۆدێلی هەڵسوکەوتی سیاسییەوە کاریگەری وەردەگرن و بەپێچەوانەوەش. هەڵسوکەوتی سیاسی، ئابووری، کەلتووری، دەرکەوتە جیاوازەکانی ئەو هەڵسوکەوتانەن وا لە مرۆڤەکان لە گوتارێکی پیاوسەرەوەری لە پیاواندا، دەوەشێتەوە، هەڵسوکەوت لە بنەماڵەشدا شتێکی جیا لەمانە نیە.

«من»، هەمبەر «ئەوی تر»ی دەرەوەی ماڵ نیە، بەڵکوو ئەم منە، لەهەمبەر ئەوی تری ناو ماڵدایە. دەربڕینی پیاوسەرەوەری و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ وەکوو هۆی بنەڕەتیی گرفتی ژنان بانگەشەی ئەوە دەکا لە دەسپێکدا بنچینەی سیاسی، مۆدێلی خۆی لە پیاوسالاریی بنەماڵەوە وەردەگرێ، دواتریش دەوڵەت لە ڕێگای وردەسیستەمەکانی وەکوو پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، یاسا و دادگاوە، مۆدێلی داگیرکاریی پیاوانەیی بەرهەم دێنێتەوە. بەڵام تەنانەت زۆربەی فەیلەسووف و کۆمەڵناسە پێکهاتەخوازەکان لە گەڵ ئەم لێکدانەوە فێمێنیستییە لە کێشەی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی هاوچەرخ کۆک نین. «پیێر بۆردیۆ» لە کتێبەکەیدا بە ناوی» داگیرکاریی نێرینەیی» ڕوونی دەکاتەوە کە: «بنچینەی هەمیشەیی بوونی پەیوەندی، هێزی فیزیکی

و هێـــزی هێمایینی نێـــوان دوو ڕەگەز لە ناو یەکێک لە بەرچاوترین شوێنەکانی واتا بنەماڵە نییە، کەوا هەندێ لە گوتارە فێمێنیستییەکان هەمـــوو ڕخنەکانیان بـــەرەوروو کردووەتەوە، بەڵکوو ئەمـــە لە ناو ناوەندگەلێ وەکوو فێرگە و دەوڵەتدایـــە، واتا شـــوێنی بەرهەمهێنان و داســـەپاندنی بنەمـــای داگیرکارییەکە کەوا تەنانەت لە ناو نهێنیترین بەشەکانی جیهانی ئێمەدا داســـەپاوە. ئـــەم گۆڕەپانـــە گرینگە کردەیەکە بۆ خەباتە فێمێنیستییەکان».

هەرچەندە فێمێنیزمی ڕادیکاڵ دابەزاندن یان کـــەم کردنەوەی داگیرکاریی پیاوانەی بۆ داگیرکاریی دەوڵەت پەسەند نەکرد و هەروەها پێداگریی لەســـەر داگیرکاریی پیاوسەروەری کـــرد کە لە زنجیـــرەی سیاســـی و ئابووری و بنەماڵەییـــدا وەکـــوو هۆکاری ســـەرەکیی بندەســـتیی ژنان دەرکەوتبوو، بەڵام ڕوانگەی ئاشت نەبوونەوەیان بۆ بەرەورووبوونەوە لە تەک دەوڵەت پەســـەند کرد و لە باتی هەوڵدان بۆ دەکارکردنی پانتای سیاسی بۆ پێش خستنی ئارمانجەکانیان، ڕوویان کردە ڕخنەی بنەڕەتی لە دەوڵـــەت وەکوو دەرکەوتەی ســـەرەکیی پیاوسالاری.

دیارە تێگەیشـــتنی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ لە دێموکراســـیی ڕاســـتەقینە، هاوشـــێوەی فەلسەفەی سیاسیی زاڵی دەیەی شەست، واتا هەمان ئانارشیزمە کەوا هەرچەشنە داسەپاوی و زنجیرە پلـــەی بە پووچـــەڵ کردنەوە یان ڕەدکردنەوەی سەربەستی لە قەڵەم داوە.

لایەنگرانـــی ئەم شـــێوازە لایـــان وا بوو «بەها ســـەربەخۆکان» لە باتی «بەرژەوەندییە کەرەســـتەییەکان» دابنێـــن. گرینگایەتیـــی بەهـــا مەعنەوییەکان، بە تایبـــەت بە فەرمی ناساندنی ڕاســـتەقینەی یەکسانیی مرۆڤەکان و پاراســـتنی شـــکۆ و کەرامەتیـــان بـــە بێ ڕەچاوگرتنـــی بەرژەوەندییـــە مادییەکەی، لە ژینگەی سیاســـیدا لە لایەن تیۆری داڕێژەرە ڕخنەگرەکان لـــەم دەیەگەلـــەی دواییدا بە لێشاو پێداگریی لە سەر کراوە.

## ڕخنە و ئەنجام

هەوڵەکانی فێمێنیزمی ئاشـــتیخواز، بە هەر ویســـت و چالاکییەکەوە بێ، ڕاســـت بێ یان هەڵە، تەنانەت دەرەنجامی ئەرێنیشی لە ناو نەیارەکانیـــدا بووە. تەنانـــەت کولتورگەلێ وا لەتەک زۆربەی هەڵوێستە فێمێنیستییەکان، بـــە شـــێوەی بنەڕەتـــی دژ بوونـــە، بە هۆی شەپۆلی بیرکردنەوەی فێمێنیزمەوە توانیویانە، لانکەیـــەک بـــۆ کەمکردنەوەی بندەســـتیی ژنـــان لە کولتـــوری خۆیاندا ڕەچـــاو بکەن و گێڕانەوەیەکی ناوچەیی/خۆماڵیی لێ بەدەست بێنـــن و بەهێزی بکەنەوە. بەم جۆرە، زۆربەی ئەو شـــتانەی بە ســـتەمی ڕەگەزێتی ناوزەد دەکرێ، کەم بوونەتەوە. بەڵام ئایا فێمێنیزمی ڕادیـــکاڵ بـــەو گەڵاڵەگەلی بنەماشـــکێنانە توانیویەتی ئـــەم جووڵەیە خێراتـــر بکاتەوە؟ وەڵامەکە نەرێنییە.

بێگومـــان هەندێـــک لـــە وردبینییەکانی فێمێنیزمـــی ڕادیکاڵ، هاوشـــێوەی هەندێ لە وردەکارییەکانی ڕێبـــازەکان و تیۆریگەلی ســـەرچاوەی لە دەیەی شەســـت و حەفتادا، لـــە ڕوانگـــەی گـــەڕان بـــە دوای هـــۆکارە دوورەکانییانـــەوە، جێی تێڕامانـــە. بۆ نموونە ئەوەی کـــە هەندێ لە گـــرێ پوچکەکان لە کێشـــەکانی پەیوەندیدار بە مافی یەکســـانی و ئەگـــەری گەشـــەی ژنـــان، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەگەلی بنچینەیی کەوا بە ئاســـانی بە گۆڕینی چەند یاســـایەک چارە ســـەر ناکرێ. یـــان ئەوەی کـــە پەیوەندییەکانـــی ئۆتوریتە و دەستبەســـەرداگرتن، ئاغا/نۆکـــەر یـــان حکومت/خەڵـــک لانیکـــەم بەشـــێکی، لە ناو بنەماڵـــە و پەیوەندیـــی نێـــوان ژن و پیاوەوە پێکدێ و ڕاهێنانیشـــی پـــێ دەکرێ و دواتر لـــە ناو جەماوەردا تەشـــەنە دەکا. لەوە ناچێ فێمێنیزمی ڕادیکال بە گێڕانەوەکانی «میلت و فایرستۆن، هێنیش»، چارەنووسێکی جیاوازی

لەو فەلسەفەگەلە هەبێ وا کاتی خۆی چوونە ژێر کاریگەرییانەوە، وەکوو مارکسیزمی نوێ، فرۆیدیسمی نوێ و پاش پێکهاتەخوازی. ئەم ڕێبازانە سەرەڕای هێنانە ئارای هەندێ خاڵی فرەچەشن، مێشـــکیان بەرەو بنەمای ئاڵۆز و نادیاری هەندێ کێشـــە ڕێنوێنی کرد. بەڵام کێشـــەکە لێرەدایە، گەر ئەو دیاریکردنانە لە هەندێ خاڵدا بە دوور لە ڕاســـتەقینەکانیش نەبن، ئەگەری چارەســـەرکردن بەو شێوازەی ئەوان گەرەکیانە لە ئارادا نییە.

دیـــارە ئەزمـــوون وامـــان پێمدەگەیێنێ لـــەم جیهانـــەدا کێشـــەکان بـــە چەشـــنی بنەڕەتـــی چارەســـەر ناکرێـــن، تەنانـــەت گریمان لێکدانەوە بنەڕەتییەکان دروســـتیش بـــن. هـــەر چارەســـەرییەک کە لـــە بنەما فیزیۆلۆژیکەکانی تـــاک و پێکهاتەی ناچاریی کۆمەڵایەتیـــی پەیوەندیی نێـــوان تاکەکان، کە لە پێداویســـتییەکانی زنجیرەپلەی هێز و دەسەڵات و سیاسەتدایە، پشتگوێ بخات یان ئەوەی کە شـــرۆڤەیەکی لێ پێشکەش بکات کەوا بۆ چاکســـازی و باشتر بوونی، پێویست بە گۆڕانکاری لەم بنەمایانە بێ، لەوانەیە ئەو کێشانەی چارەسەریان دەکا زیاتر لەو کێشانە نەبێ وا دروستیان دەکات.

فێمێنیزمـــی ڕادیـــکاڵ گەرەکـــی بوو بە پشتبەســـتن بە فەیلەسووفە بنەماشکێنەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی شـــرۆڤەی نوێی بابەتی سیاســـییەوە، کێشـــەی ژنان لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییـــەکان لە ناو جۆرەکانی پەیوەندیی مرۆیی، وەکوو بنەماڵە و پەیوەندیی زنجیرەپلەیی و ڕێکخســـتنی سیاسی بێنێتە دی، بە چەشـــنێ کە دەوڵەت لە ســـەنتەردا بێ. چونکـــە لای وابـــوو هـــەر چالاکییەک وا لـــە چوارچێوەی سیســـتەمی زانســـتی و گوتاری بەردەســـتی ئێستادا بێ، دەگاتەوە بە بەرهەمهێناوەی هەمان پەیوەندیی پێشـــووی دەستبەســـەرداگرتن. ئەم بانگەشەیەی میلت کە لە هەموو هەلومەرجێکدا کاتێک گرووپێک بە سەر گرووپێکی تردا زاڵ دەبێ و ڕێبەرایەتی لە ئەستۆ دەگرێ، پەیوەندیی نێوانیان سیاسی دەبێتـــەوە و کاتێک پەیوەندی لەم چەشـــنە لە باری زەمەنییـــەوە درێژەی پێ بدرێ، ئەوا ئایدۆلۆژییەک دادەڕژێتەوە، قسەیەکی ڕاستە. هەروەها ئەوەی کە ســـەرەڕای فرەچەشنیی ئایدۆلۆژیاگەلـــی جۆربەجۆر، تەواوی کەلتور و شارســـتانیەتەکان، بە درێژاییی مێژوو باوک سەروەر بوونە و ئایدۆلۆژیای بنەڕەتیی گشتیان نێرینەزاڵـــی بـــووە، ئەمەش دەتوانێ ڕاســـت بـــێ. لێ، گرینگ ئەوەیـــە لەمە چ ئەنجامێک دەبێتەوە؟ یەکەم ئەوەی کە ئەم ئایدۆلۆژیایە تەنانـــەت بۆ چینی بن دەســـت، لێرەدا ژنان، بە تەواوەتی زەرەری نەبووە، لەوانەیە بەشـــی ژنان لە شارســـتانیەتی مێژووییی سیستەمی پیاوســـالاریدا دادپەروەرانـــە نەبووبـــێ، بەڵام واتـــای زاڵبوونی ئـــەم سیســـتەمە، زیانێکی ڕەها بۆ ژنان نەبووە. هەروەها کە سیســـتەمی مێژوویی پشتئەستوور بە سەرتر بوونی چینی بەگزادە [ئاریســـتۆکرات]، پێشەســـازی یان فێئۆدال، دادپەروەرانە نەبووە، بەڵام جەماوەر، بەگشـــتی لە ناو چینی کرێکار و وەرزێریش لێی بێبەری نەبوون. دووەم ئەوە کە پێشکەش کردنی هەر چەشـــنە پێشنیارێک بۆ ژێروژوور کردنی ئایدۆلۆژییەک کەوا ڕەگ و ڕیشـــەی لـــە مێژوودایـــە، ئەگـــەری زۆرە هیوایەکـــی بەدینەهاتوو بێ.

ئەم وتەیەی فایرســـتۆن کە سیستەمی زنجیرەپلەییی دەســـەڵات هەر ئەو شتەیە وا دەبێ لە ناو بچێت و سیستەمی دێموکراتیک و نازنجیرەپلەیـــی جێگای بگرێتەوە، پشـــت بە بۆچوونێکی ئانارشیســـتی لـــە دەوڵەت و دێموکراســـی دەبەســـتێ کە هەر چەشـــنە دەستبەســـەرداگرتن و زنجیرەپلەیەک دژ بە ئازادی دەزانێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەزمی سیاســـی، تەنانەت لە کەشـــی دێموکراتیکدا، جۆرێـــک لـــە ناوەندگەراییـــی پێـــوە دیارە. ڕێکخستن، دابەشـــکردنی کار، دابەشکردنی

بەرپرســـیاری، پلاندارێژی، ژمـــاردن و... ئەو بابەتانـــەن وا بەردەوام بـــۆ جێبەجێ کردنی کارە گرینگـــەکان بە ناچـــاری لەبەرچاویان گرتووە و جێبەجێکردنی نموونەکانی سەرەوە، تەنانـــەت بـــە ڕەچاوکردنـــی لایەنـــی تەواو دیمۆکراتیکییەکەی، بـــە تەواوەتی گرێدراوە بـــە ناوەندێتـــی، زنجیرپلـــە، ســـەرۆکایەتی/گوێڕایەڵـــی و سیســـتەمی پاداش و ســـزاوە. چونکە لە ڕوانگەی زۆربەی خاوەنبیرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئۆتۆریتە و ستەمکاری لێک جیاوازن. ئەوەی سیســـتەمێکی سیاسی لـــە ڕەوایی بە تاڵ دەکاتـــەوە، تایبەتمەندییە نادیمۆکراتیک و داســـەپێنەرانەکەیەتی، بەڵام سڕینەوەی هەرچەشـــنە هێزی بەکارهێنانی دەســـتێوەردان(اعمال نفوذ)یش لەکارکەوتنی لێ دەکەوێتەوە. لە سەر ئەم بنەمایە، ئۆتۆریتەی دێموکراتیک وەکوو سەنتزێک لەقەڵەم دراوە کەوا بەکارهاتوویی و ڕەوایی، بە باشی ئاوێتەی یەکتری دەکات. بەڵام بەشێک لە بزووتنەوەی ژنان، بە پشـــت بەستن بە زۆربەی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتەی ئۆتۆریتەی دێموکراتیکیـــان وەک چەمکێکی نایەکگرتوو لـــە قەڵەمداوە و گرینگتر لە هەموو ئەمانە، لە بنەڕەتەوە ناوەندێتی، زنجیرەپلە، سەرۆکایەتی/گوێڕایەڵی و سیستەمی سزا و پاداشیان وەکوو دەرکەوتەگەلێکی نەرێنی بە ئەژمار هێناوە؛ واتا بۆ دووربوونەوە لە مەترســـییەکانی سیستەمی باوەکسەروەری، پێویســـتە دوورەپەرێزی لێ بکرێت و بنچینەی هەڵســـوکەوتی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی لە ســـەر بنەمایەک دابنرێت کەوا ئۆتۆریتە و ڕێکخستنی زنجیرەپلەی لێ داماڵرێـــت. ئەوە زیاتر لە هیوایەکی ڕۆمانتیک دەچێ کە لەتەک پێوەرگەلی ڕاســـتبینانە و بەکارهاتـــوو لـــە ڕێکخراوەگەلی سیاســـی و تەنانەت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەساز و نەگونجاوە و تەنانەت لە تاکە ئەزموونێکیشدا سەرکەوتنی دەستەبەر نەکردووە.

سەبارەت بە واتای بابەتی سیاسی، ئەم خاڵە کە زاڵبوونی سیاسی دەتوانێ، تا ڕادەیەک و لە ڕوانگەیەکەوە، بنچینەی خۆی لە پەیوەندیی زاڵبوونی نـــاو ماڵ یان هەمـــان زاڵبونی پیاو بە ســـەر ژندا بدۆزێتەوە، سەرنجڕاکێشە. لێ ڕەتدانەوەی بنەماڵە بە مەبەستی ڕەتدانەوەی دەوڵەت، جگە لەوەی کە بنەما شـــکێنانەیە، تەنانـــەت وێنـــای تێچووەکەشـــی تۆقێنەرە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا نەلـــواوە. جیهـــان بە بێ دەوڵەت بەرەو دۆخی سروشـــتی دەگەڕێتەوە. ئانارشـــیزم پێکهاتووە لە جۆرە گەشبینییەکی زێدەڕۆیانە لەسەر جەوهەری مرۆڤ و ئەمەش بە تەواوەتی گومانی لە ســـەرە. مرۆڤەکان لە نەبوونـــی دەوڵەت و لە نەبوونی هەرچەشـــنە دەسەڵاتداریی زنجیرەپلەیی، بەختی زیاتریان بۆ جێبەجێ کردن و سازدانی پەیوەندی هەیە کەوا ستەم، بە تایبەتی ستەمی نێرینە/مێینە بەشی دانەبڕاوێتی. هەروەها ئانارشیزم پشتی بەســـتووە بە ڕوانگەیەکی تەواو ڕەشبینانەوە لەهەمبـــەر دەوڵەت و دەســـەڵاتدارێتی، کەوا زیاتر لە کەشـــێکی تەواو هەڵاوساوی وەکوو نیـــوەی دووهەمـــی ســـەدەی نۆزدەیـــەم لە ئەورووپـــادا بەهێند وەرگیرا. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە شرۆڤەی دەروونشیکارانەی — فەلسەفی بۆ ئەو چارەســـازتر بێ لە شیکاریی سیاسی-کۆمەڵناسانە.

دەوڵەت دامەزراوەیەکـــی گەلێک بەهێز و دەوڵەمەنـــدە و بە تەواوەتـــی بەهرەی ئەوەی هەیە لە لایەن خەڵکانێکـــەوە ئیرەییان پێ ببرێت چونکە لایان وایە ناتەواوییەکانی خۆیان بە هۆی کەڵەکەبوونی لەم چەشنەیە و پێیان وایە بە داگیرکردنییەوە کێشەکانیان چارەسەر دەبێت. فرەیەک لە ڕووناکبیرە دژە دەوڵەتەکان، بە تایبەتی زۆربەی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان، پشـــتیان بەســـتووە بە تایبەتمەندیی حەزی داگیرکردنـــی زۆرینەی خەڵـــک و بیردۆزییە ڕادیکاڵەکانیان ســـەبارەت بـــە دەوڵەت، جار وایە گۆڕیوە بۆ بزووتنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، بە ڕاشـــکاوییەوە دیارە لە هەر هەلومەرجێکدا

بوونی دەوڵەت پێویستە و باشییەکانی لە خراپییەکانی زیاترە. بنەماڵە و دەوڵەت، هەردووکیان دوو سوژەگەلی چاکسازیی پەیتاپەیتای پەیوەندیین نەک تێکدان. ئەگەر پەیوەندیی نایەکسان و پشتبەستوو بە زاڵبوون، سەرچاوەی پەیوەندییەکانی داگیرکاریی سیاسییە، ئەمەش زیاتر پاڵنەری چاکسازیی سیاسییە تا ئەوەی کە شۆڕش بێت و زیاتریش سەلمێنەری پێویستیی چاکسازیی دەوڵەت و دەسەڵاتدارییە تا ئەوەی کە پێویستی تێکدان و ڕەتدانەوەی بەتەواوەتیی دەوڵەت بێت. چونکە لە ڕێگەی چاکسازی لە ناو بنەماڵەدا کە تا ڕادەیەک لە ڕێگەی فێرکاری و پەروەردەوە دەستەبەر دەبێ و بە ئەزموون کردنەوە ئەمەی ڕوون کردووەتەوە کە دەوڵەت و داگیرکاریی سیاسیش، بە هۆی وێکچوونیان لە تەک پەیوەندیی بنەماڵەوە، بە ناچار تۆزێ بەختیان هەیە بۆ چاکسازی.

فەیلەسووف و کۆمەڵناسگەلێ وەک هێربێرت مارکۆزە و میشێل فۆکۆ، گەرچی خاوەن وردبینیگەلی پەسندکراو بوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی پلانەکانیان، پێکهێنانی مرۆڤ و جیهانی نوێ بوو، جگە لەوەی کە کاری گەورەی لەم شێوەیە دەرەنجامی نەبوو، بە هۆی ئەم بەرزەفڕییە نەلواوانە بوو وا گەیشتن بە خۆپارێزی و بێکردەیی ڕەها. چارەنووسی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ لە دەیەی شەست و حەفتاکانیش وا پشتیان بەم مودێلە بەستبوو، جگە لەمە نەبوو. وتەکانی مێلت و فایەستۆن لە بارەی زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە گیرۆدەیی ژنان، هەڵگری کۆمەڵێک خاڵی جێی تێڕامانە و لەوانەیە تەنانەت بەشێک لەم گیرۆدەییە، لە پەروەردەی جەماوەریی بنەماڵەوە دەست پێ بکات، بەڵام ئایا چارەسەری کێشەکە ڕەتدانەوەی بنەماڵە و ڕەتدانەوەی ئۆتۆریتە و زنجیرەپلەی بەڕێوەبەری و سیاسییە؟ ئەی جێگرەوەکەی چییە؟ ئەزموون وامان پێ دەڵێ گرووپە فێمێنیستییەکان گەرەکیان بوو لە ڕێگەی پەیوەندیی دۆستانە و یەکسان و بەرابەر و بە بێ فەرمان و لێپێچینەوە، درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن و دەستبەجێ لە ناچالاک بوون ماندوو بوون و تێکچوون.

کێشەی سەرەکیی هەمان ئایدۆلۆژی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆن بوونی پەیوەندییەکانی هێزی نایەکسان و چارەسەرییەکەی لە چاکسازیی پەیتاپەیتای یاسا و کولتووردایە. ئەزموونی مێژوویی باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە.

هیچ یۆتۆپیا[شاری خەیاڵی]یەک لەم شێوەیە، سا بە پێشنیاری ماری ئەستل، یان پێشنیاری فایرستۆن، یان لووس ئیرگاری، قەت ئاوری لێ نەدرایەوە و بەدییش نایە. هەرچەندە جێبەجێ بوونی گریمانەیی نموونەی لەم چەشنانە، فێمێنیستە توورەکانی نەدەگەیاندە ئارمانجەکانیان. لانیکەم بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی زاڵبوون لە کۆمەڵگەدا بە بێ پیاو، زۆر بە سادەیی لە لایەن بەشێک لە ژنانەوە دژ بە بەشێکی تر دەست پێ دەکات. بانگەشەی ئەوەی کە ژنان لە توندوتیژی و ململانێ و داگیرکاری بێزارن، نەسەلمێندراوە. ڕەنگە ئەمە هاوشێوەی هەڵەیەک بێت وا مارکس لە بارەی کرێکارانەوە تووشی بوو و لای وا بوو کۆمەڵگەی کرێکاری، شوێن داگیرکاری ناکەوێت. تێگەیشتن لە پووچەڵ بوونی ئەم باوەڕە ڕۆمانتیکییە لە ژێر تیشکی عەقڵ و ئەزمووندا، هێندە زەحمەت نییە. بۆیە شۆڕشی ڕەگەزێتی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و فێمێنیزمی ڕادیکاڵیش، وەکوو زۆربەی بزاڤە بەپرتاو و تێکدەرە ئەدەبی و هونەرییەکان و ... تووشی دارمان بوو. ئەگەر ڕێگەیەک بۆ هاوسەنگ کردنی کێشەی پەیوەندیی نایەکسان لە ناو کرێکار و کاربەدەست و لە ناو ژنان و پیاوان و ... لە ئارادا بێت، ئەوا بزاڤێکی بەردەوامە کە لانیکەم ڕێسا و بنچینەکانی تێدا بپارێزرێت.